ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
103
25 ی شوبات/ فێبریوەری 2025



## یەکێتی و پارتی لەیەک ئەرکدا!

لەدیگەڵە، مامۆستایان و فەرمانبەران، کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی پارتی و ڕێگایان لێگیرا بچنەناو هەولێرەوە، تا دەنگی نارەزایەتی خۆیان بە ئۆفیسی سەرەکی نەتەوە یەکگرتوەکان لە هەولێر بگەیەنن. ئەم کردەوەیەی پارتی، جەوهەری سەرکوتگەری و دژە ئازادی و دژە دیموکراسی پارتی بۆ خەڵک و مامۆستایان و فەرمانبەران بەشێوەیەکی بەرچاوترنیشان دا. ئەگەرچی بۆئەوانەی کە دەیانویست بەرەو هەولێر بەرێبکەون، ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراو نەبوو، بەڵام ئەوان ویستیان پەیامێک بگەیەنن. ئەو کارەی پارتی بووە جێگای نارەزایەتی گشتی خەڵک و لەئاستی ناوخۆو دەرەوەی کوردستانیشدا میدیاکانی بەخۆوە خەریک کردو بووە فشارێکی ئیعلامی و تاڕادەیەک سیاسی بۆسەر پارتی. ئەو دەمە یەکێتی و میدیاکانی وایان ڕادەگەیاند کە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، ئازادی هەیەو ئەوەتا چەندین مانگەو دەیانجار مامۆستایان و فەرمانبەران خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆتی خوێندنیان کردووە لە گوڵ کاڵتر پێنەوتراوە. ڕۆژانەش کەناڵەکەی سەرۆکی یەکێتی( کەناڵ ٨) هەواڵەکانی

بۆ لاپەرە ٢



## پرسی ئاشتی" و مەسەلەی کورد لەتورکیا

گفتوگۆ لەگەڵ :

**خەسرەو سایە**

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب

بۆ لاپەرە ٣



## ململانێی زلهێزەکان و کێشەی کورد!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەرە ٦

*٨ ی مارس هێمای رەتکردنەوەی ستەم و بێمافی و هەڵاواردنی رەگەزی و چینایەتییە! ............... لاپەرە............٨
* سەردانی وەفدێکی حیزبمان بۆلای نوینەرایەتی پارتی یەکیەتی دیموکراتی لەسوریا (پەیەدە).............لاپەرە........ ٩
* ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ............... لاپەرە ...............١٠
* مانگرتن و سەرکەوتنی ئینساندۆستی!
عوسمانی حاجی مارف.....لاپەرە.... ١١
* نامە بۆ سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ سەبارەت بە توندوتیژی یەکێتی نیشتمانی بەرامبەر خۆپیشاندەران
دەشتی جەمال ... لاپەرە ..١٣



## ڕێکەوتنی ئەمریکا و روسیا ئۆکرانیاو چەند راستیەک لە قەیرانی سەرمایەداری!

**نوری بەشیر**

بۆ لاپەرە ١٢

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی..............یەکێتی و پارتی لەیەک ئەرکدا!

مانگرتن لەخواردنی ماموستایان و فەرمانبەران و کۆبونەوەی خەڵک و خۆپیشاندانەکانی خەڵکیان بڵاودەکردەوە. بەڵام ئەم دۆخە ئەوەندەی درێژە نەکێشا تا ئەوە بۆ هەموو ئەوکەسانەش، کە بروایان بەم پڕوپاگەندەیەی یەکێتی کردبوو، روون بێتەوە کە دێگەڵەو عەربەت هیچ جیاوازیەکیان نیە.
بێگومان پارتی هیچ کاتێک تەحەمولی خۆپیشاندانی دژ بەخۆی نەکردوە. هەرجۆرە جوڵەیەکی سیاسی و نارەزایەتی جەماوەری کە رووی لە پارتی بێت هەر لەسەرەتاوە سەرکوت دەکرێ. ئەوەش وایکردوە کە خەڵکی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتی، نەتوانن بەشێوەیەکی فراوان نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە ستەم و زوڵمی پارتی و حکومەتەکەی دەرببڕن. دەنا ماموستا و فەرمانبەری هەولێر و سۆران و بادینانیش وەکو ماموستا و فەرمانبەری سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجەو راپەڕین نارازین لە نەدانی مووچەکانیان و تاڵانکردنی. نارازین لە پلە بەرزنەکردنەوەو بەرزکردنەوەی مووچەکانیان. ئەوانیش هەمان خواستەکانی فەرمانبەران و ماموستایانی سلێمانی و هەڵەبجەو گەرمیان و راپەڕینیان هەیە. هەر نارەزایەتیەک دژی نەدانی مووچەو پاشەکەوتکردنی و سەپاندنی باج و خەراج لەسەر خەڵک و دۆخی خراپی ژیانی خەڵک و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان و فرۆشتنیان بە کۆمپانیا ئەهلیەکان و کۆمپانیانی نزیک لە بەرپرسانی حزبەکانی دەسەڵات، راستەوخۆ یەخەی پارتی دەگرێت وەکو پێکهێنەری سەرەکی حکومەتی هەرێم و دەسەڵات لە کوردستان. بۆیە پارتی بڕیاری خۆی داوە کە مەگەر بە مەرگی خۆی، دەنا رێگانادات خەڵک و ماموستایان و فەرمانبەران نارەزایەتی دەرببڕن لەو ناوچانەی لەژێر دەسەلاتی راستەوخۆی خۆیدایە.
بەڵام روداوەکەی عەربەت، ئەوەی نیشان دا کاتێک راستەوخۆ رووی نارەزایەتیەکان لە یەکێتی دەبێت و دەکەوێتە بەرامبەر بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی یەکێتیەوە، ئیتر پارتی و یەکیتی هیچ جیاوازیەکیان نامێنێ. ئیتر ناوچەی سەوز کۆریای باشوور نیە و زۆنی زەرد کۆریای باکوڕ! پارتی بە ئاشکرا و بێپەردە سەرکوتی خۆپیشاندەرانی کرد، بەڵام یەکێتی پیلانێکی قێزەونی دژی خۆپیشاندەران بەڕێوەبرد. هەرخۆی کۆمەڵێک بەکرێگیراوی ناردە ناو خۆپیشاندەرانەوە کە لەسەر ڕێگەی سەرەکی عەربەت- سلێمانی خێمەیان هەڵدابوو وە رێگریان لە تانکەرە نەوتەکان دەگرت بەرەو ئێران برۆن. هاوکاتیش هێزێکی کۆماندۆی هێنابووە نزیکی خێمەی خۆپیشاندەران. هەر بە پیلانی هێزەکەی کۆماندۆ، ژمارەیەک شۆفێری تانکەر هەوڵی شکاندنی بەربەستەکە دەدەن و ئەو بەکرێگیراوانەش کە نێردرابوونە ناو خۆپیشاندەران، کەوتنە بەردبارانی تانکەرەکان. هێزەکەی کۆماندۆ ئەوە دەکاتە فرسەت و پەلاماری خۆپیشاندەران و پەیامنێری کەناڵەکان دەدەن کە بۆ ڕوماڵی خۆپیشاندانەکە لەوێ بوون. ژمارەیەک خۆپیشاندەر بریندار دەکەن و خێمەکەیان دەڕوخێنن و بڵاوەیان پێدەکەن و ژمارەیەکیشیان دەستگیر دەکەن.
ئەگەرچی یەکێتی. ئەمە یەکەمجاری نیە کە سەرکوتی خۆپیشاندان دەکات و توندوتیژی دژ بە خۆپیشاندەران بەکاردەهێنێ، هەروەکو لە روداوەکانی ١٧ی شوباتی ساڵی ٢٠١١ و دواتر خۆپیشاندانەکانی گەرمیان و سەیدسادق و سلێمانیدا کە چەندین خۆپیشاندەر رفێنران، زیندانی کران، کوژراون و بریندارکران...بەڵام سالانێک بوو، وەکو فشارێک بەرامبەر بە پارتی بەمەبەستی وەرگرتنی ئیمتیازاتی سیاسی و ئابوری زۆرتر و گرنگتر، دوای ئەوەی کە پارتی جومگە گرنگەکانی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری کوردستانی بەدەستەوە گرت، جۆرێک لە نەرمی دەنواند بەرامبەر بە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان، تا ئەو بۆچوونە بەهێزبکات کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتیەکانی خەڵکی کوردستان پارتیەو یەکێتی لێی بێبەریە. بەداخەوە تارادەیەکیش گوێگر بۆ ئەم چەواشەکاریە لەناو بەشێکی خەڵکی نارازیدا پەیدابووبوو! بەڵام ئەو کردەوە قێزەونەی یەکێتی دژی ماموستایان و فەرمانبەرانی خۆپیشاندەرو خەڵکی نارازی لە عەربەت، ئیتر جێگای بۆ هیچ جۆرە خۆشباوەڕەیەک نەهێشتەوە بەرامبەر بانگەشە چەواشەکارانەکانی یەکێتی سەبارەت بە بوونی ئازادی لە زۆنی سەوز و بێبەریبوونی لەو دزی و تالانیەی لە خەڵک دەکرێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەی چەندبارە پشڕاستکردەوە کە ماموستایان و فەرمانبەران و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و هەموو ئەوانەی کە مافیان پێشێل دەکرێ یەک رێگایان لەپێشە بۆ سەرکەوتن، ئەویش دوورکەتنەوەیە لە هەموو جۆرە پڕوپاگەندەیەکی ریفۆرمخوازی و ئاشتی لەگەڵ دەسەڵاتی مافیایی سەرکوتگەردا.. ئەوان شەڕێکی چینایەتیان لەدژی خەڵک ڕاگەیاندوەو ئامادەن تاوان بکەن کاتێک مەترسی لەسەر بەرژەوەندی و قازانج و گیرفانیان دروست دەبێت. بۆیە دەبێ خەڵکی ستەملێکراو و مافخوراوی کوردستانیش ئامادەی ئەو جەنگە چینایەتیە بن لەدژیان و بیانشکێنن!

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن:
ڤاییەر: 0044(0)7394013135
واتس ئەپ: 0044(0)7394013135
مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https:// octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=3
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# پرسی ئاشتی" و مەسەلەی کورد لەتورکیا
## گفتوگۆ لەگەڵ : خەسرەو سایە
## سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب

**ئۆکتۆبەر:** ماوەیەکە "پرسی ئاشتی" بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لەتورکیا، بەگەرمی لە میدیا ناوخۆیی و جیهانیەکانەوە بۆتە بابەتی هەواڵ و جێگای مشتومرێکی فراوان. بەتایبەتیش ئەم پرسە هەم لەپەرلەمان و میدیاکانی سەربە دەولەتی تورکیاوە و هەم لەلایەن خودی پەکەکا و لایەنەکانی سەر بە پەکەکە، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، قسەوباسی لەبارەیەوە دەکرێ.. تەنانەت دەوترێت هەنگاوەکانی گفتوگۆ دەستی پێکردوە و ئۆچەلانیش ئامادەیی دەربڕیوە. ئێوە چۆن لەو گفتوگۆ و پرۆسەیە دەڕوانن کە بە پرۆسەی "ئاشتی" ناوی دەبەن؟

**خەسرەو سایە:** بازنەی مفاوەزات و ڕێکەوتن گۆشەیەکی سەرەکی و بگرە ئامانجێکی بنەڕەتیە، لەستراتیژی حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا. ئەوان پاش هەر دەورەیەکی چەند ساڵە لەشەڕو خەباتی چەکدارییان، ڕێگای مفاوەزات و ڕێکەوتنیان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا گرتۆتەبەر، بەرادەیەک ئەگەر چاو لەمێژوی حیزبی دیموکراتی ئێران، پارتی و یەکیتی لەعێراق وخودی پەکەکەش بکەین، دەبینین دوای هەر مفاوەزاتێک دەورەیەک لەشەڕ و دوای هەر شەڕێکیش مفاوەزاتیان کردوە و هەرجارەش بۆ چاوبەستکردنی خەڵکی کوردستان ناوێکیان لێناوە. لەڕاستیدا ئەوەی کە لەئێستادا بە"پرۆسەی ئاشتی لەتورکیادا" ناو دەبرێ، هەرلەم مێژووە و لەم چوارچێوەیەدایە و شتێکی زیاتر نییە لە ڕیکەوتن و موساڵەحەی نێوان دەسەڵاتدارانی ئێستای تورکیا و پەکەکە.

هەرچەندە ناوەڕۆکی ئەم ڕیکەوتن و موساڵەحەیە هێشتا بەڕۆشنی و بەڕەسمی لەلایەن هیچ لایەکیانەوە ڕانەگەیاندراوە، بەڵام ئەوەی لە میدیاکانەوە لە زاری هەردولاوە ئاشکرابووە، ئەوەیە کە حکومەتەکەی ئۆردوگان و هاوپەیمانانی باس لە چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پەکەکە و بونی بە حیزبێکی سیاسی لە تورکیا دەکەن. لەبەرامبەریشدا، پەکەکە و خودی ئەوەی کە ئۆچالان لەزمانی وەفدەکەی دەمپارتیەوە، ئاماژەیان پێداوە، ئەوەیە کە کورد لەتورکیا لەبەرامبەر چەکدانان و کۆتاییهێنان بەشەڕدا، ڕێگەی پێبدرێت بەزمانی کوردی بخوێنێ و بدوێ و هەندێک مافی کەلتوری و ئیمتیازاتی تری بۆ دەستەبەربکرێ. ئەمە بەبێ ئەوەی کە بەڕۆشنی هیچ ئاماژەیەک بە ئازادیی زیندانیەکان بکرێ و تەنەنەت مەعلوم نیە ئەگەر پەکەکە چەک دابنێت، ڕێگای مانەوە و ئازادی هەڵسورانی سیاسی پێدەدرێت یان نا. وەک هەردولاش دەیڵێن، هێشتا پرۆسەکە لەسەرەتادایەو مەعلوم نیە حکومەتەکەی ئۆردوگان تاچەند ئەم موسالەحەیەی کەناویان ناوە ئاشتی، بەدەردی ڕێکەوتنەکانی پێشووتر نابات. بەتایبەتی کە هەر لەم سەرەتایەوە، ڕۆژ نیە هەواڵی هێرش و پەلاماردانی ئۆفیسەکان و زیندانیکردنی لایەنگرانی دەمپارتی و پەکەکە لەشارەکانی کوردستان و تورکیا، تا سەپاندنی سیاسەتی "قەیوم" بەسەر شارەوانیەکاندا، لەلایەن حکومەتەکەی ئوردوغانەوە نەبیسترێت. بەلام نیازی هەردولا هەرچییەک بێت، وەیا پرۆسەکە بەهەر ئاستێک گەیشتبێت، من پێموایە هەردولا لەژێر کاریگەری دۆخی ناوچەکەو کۆمەڵێک فاکتوردا، پێویستیان بە موساڵەحەیەکی لەمجۆرە هەیە، تەنانەت ئەگەر تاکتیکی و ماوەکورت و ناپایەداریش بێت.

**ئۆکتۆبەر:** کەوایە ئەو زەمینەو هۆکارانە چین کە دەسەلاتدارانی تورکیا و پەکەکەی لەئێستادا خستۆتەسەر ئەو بڕوایەی کە پەنا بۆ گفتوگۆ و دانوسان بەرن و ئەمەش بە "پڕۆسەی ئاشتی" ناوببەن؟ هەروەها مەبەستی هەرلایەکیان لەگرتنەبری ئەم سیاسەتەیاندا چیە و بەدوای چ ئاماجێکەوەن؟

**خەسرەو سایە:** مەسەلەی کورد وەک کێشەیەک لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەمیشە لەسەر زەمینەی کێشمەکێشی دەوڵەتانی ناوچەکەو هێزە ئیمپریالیستیەکان و ئەو گۆرانکاریانەی ڕووی لەرۆژهەلاتی ناوەراست کردووە، بەپێویست هەڵکشان و داشکانی بەخۆیەوە گرتوە. لەئیستادا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست وەک بەرئەنجامێک لەکێشمەکێش و ملاملانێی جەمسەرە جیهانیەکان لەسەر دوبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز و جێخستنی ئارایش و سیستەمێکی نوێی ئەمنی و ئابوری، جارێکی تر مەسەلەی کوردی لەئاستی رۆژهەلاتی ناوەراستدا، لەپاڵ کێشەی فەلەستیندا بەرجەستە کردۆتەوە. ئەگەرووردتر بدوێم، ئەوا بەدیاریکراوی بەدوای راوەستانی جەنگ لە غەزەو لوبنان و کەنار خستنی رۆڵی ئێران و هێزەکانی "بەرەی مقاوەمەت" و خودی روخانی ڕژێمی ئەسەد،

⟸

هەم مەسەلەی کوردو هەم پێگەورۆڵی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی لەئاستێکی ناوچەییدا هێناوەتە پێشەوە. لەم نیوەدا هەڵکشانی ڕۆڵ و پێگەی تورکیا وەک جەمسەرێکی سەرەکی لەناوچەکەدا، کە هەم لەناوخۆی تورکیادا لەگەڵ پەکەکە و مەسەلەی کورد ڕووبەڕووەو هەم لەسوریاو عیراقدا، ڕۆڵی کاریگەری هەیە، ناچارە بەوەی بەهەرشێوەیەک بووە مامەڵەیەکی تر لەگەڵ کێشەی کوردو ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەناوچەکەدا بکات، بەتایبەتیش لەگەڵ پەکەکەدا، تا بتوانێ زەمینەیەکی سیاسی و ئەمنی لەبەردەم بەرژەوەندیە ئەمنی و ئابوریەکانی خۆیدا زامن بکا و پێگەو نفوزی خۆی لەبەرامبەر ڕکابەرە ناوچەییەکانیدا جێگیربکات. ئەگەر ئەمانە بەگشتی وەک چوارچێوە و زەمینەکانی سەرهەڵدانی ڕێکەوتن و موسالەحەی نیوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا وەربگرین، ئەوا هەردولای "پرۆسەی ئاشتی" مەبەست و ئامانجی دیاریکراویان هەیە:

لەتەرەفی تورکیاوە، ئۆردوگان ئەوە دەزانێت کە پەکەکە تەنها کۆمەڵێک چەکدار نیە بەشاخەوە، کە بەهێزی سەربازی کۆتایی پێبهێنێت، تەنانەت ئەوە دەزانێت کە تەنها حیزبێک نیە لەناوخۆی تورکیادا، بەرامبەر بەدەسەڵات ڕاوەستابێت، بەڵکو پەکەکە وەک هێزێک هەم لەناوخۆی تورکیادا و هەم لەئاستی ناوچەیی و ئەو وڵاتانەی کە کێشەی کوردیان تێدایە، خاوەن نفوزە. لەمەش زیاتر ئۆردوگان ئەوە دەزانێت کە کێشەی کورد و ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد هەمیشە لەبەردەم ئەگەری ئەوەدان کە لەلایەن وڵاتانێکی نەیارەوە وەک کارتێکی فشار لەدژی بەکاری بەرن. لەئێستدا کە پەکەکە لەبازنەی سیاسەتەکانی ئێراندایە، مەبەستیەتی لەڕێگای ڕێکەوتن و سوڵحەوە لەو بازنەیە دەری بکێشێت، هاوکات وجودی هەسەدەو باڵەکانی پەکەکە لەسوریا، وەک بەربەستێک لە چونەپێشەوەی سیاسەتە ناوچەییەکانی تورکیا، حکومەتەکەی ئۆردوگانی بەو بڕوایە گەیاندوە، کە لەڕێگای سوڵحەوە ڕیگا تەخت بکات لەبەردەم هەژمونی خۆی بەسەر سوریادا. هەموو ئەمانەش وەک بەشەکانی سیاسەتێک بەدەستەوە گیراوە تا فەزایەکی سیاسی و ئەمنی لەبار بۆ جووڵەی ئابوری و سەرمایەگوزاری هەم لەسوریاو عێراقداو هەم لەناوخۆی تورکیادا بۆ خۆدەربازکردن لەو قەیرانە ئابوریەی تێیکەوتووە، سودی لێوەربگرێ.

لەتەرەفی پەکەکەشەوە، مەبەست و ئامانج لە ئاشتی و ڕیکەوتن لەگەڵ حکومەتی تورکیادا، ئەوەیە کە لەلایەک ئەو فشارو پەلامارە سەربازی و ئەمنیەی لەسەر هیزەکانیەتی چ لەناوخۆ و چ لەئاست ناوچەکەدا، لابەرێ و لەلایەکی تریشەوە ڕیگایەکی سیاسی و قانونی بکاتەوە بۆ وەرگرتنی ئەو ئیمتیازاتانەی کە لەدواجاردا، شەراکەت لەدەسەلاتدا بەدوای خۆیدا دێنی. بەدیویکی تردا ئۆچالان لەمێژە لەوە گەیشتوە کە ئەو هێزە چەکدارەی کە پەکەکە هەیەتی، نەک هەر ئەو کاریگەریەی نیە لەسەر گۆرینی هاوکێشەی هێز لەناوخۆی توکیادا، بەڵکو گۆردراوە بەبارگرانیەک بەسەریەوە، وەک بەرئەنجامێک لە شەری چەکداری پەنجا ساڵە، کە بە هەزاران کوژراوی لێکەوتۆتەوە، ئێستا کۆتاییهێنان بەشەڕو کوشتار بۆتە خواستێکی خەڵکی کوردستانی تورکیا. لەمەش زیاتر لەدۆخی ئێستای ناوچەکەدا، کە ئۆردوگان و سوپاکەی تەرکیزی چۆتە سەر کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی هەسەدە و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری لە باکوڕ و ڕۆژهەڵاتی سوریا، تا پێگەو نفوزی خۆی لەسەراسەری سوریادا، جێگیر بکات، پەکەکە و ئۆچەلان چاویان لەوەیە کە لەڕێگای ڕیکەوتن و موسالەحەوە، نفوزی هیزەکانی خۆی ڕزگار بکات و ڕێگایەکی سیاسی بۆ مانەوەی بدۆزێتەوە... بەگشتی ئەمانە مەبەست و ئامانجەکانی تورکیاو پەکەکەیە لەم پرۆسەیەدا کە ناویان ناوە پرۆسەی ئاشتی.

**ئۆکتۆبەر:** لەدرێژەی ئەو پرۆسەیەدا، ئۆچەلان تیمەکەی دەم پارتی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کردوەو لەگەڵ هەریەکە لە مەسعود بارزانی و نێچیروان بارزانی و بافڵ تاڵەبانی کۆبونەتەوە و سەبارەت بە مەسەلەی گفتوگۆ و ڕێکەوتنی نێوان تورکیاو پەکەکە ڕاوێژیان لەگەڵ کردوون. هەروەها ماوەیەک لەمەوبەر لەسەر داوای ئەمریکا مەزلوم عەبدی سەردانی مەسعود بارزانی کرد و باسی یەکخستنی هەلوێستی هێزە کوردیەکانیان کرد بۆ گفتوگۆ و بەشداری لە حکومەتی تازەی سوریادا. ئێوە چۆن دەڕوانن پێگەو نەخشی هەرێمی کوردستان و پارتی و یەکێتی لەم پرۆسەیەدا؟

**خەسرەو سایە:** بەدڵنیایەوە هەموو ئەو سەردانانە، بەبێ ئاگاداری و ڕینمایی تورکیاو ئەمریکا ئەنجام نەدراوە. هەم حکومەتی تورکیاو هەم پەکەکە و ئۆچەلان ئەوە دەزانن کە حکومەتی هەرێم دەتوانێ ڕۆڵی ڕاگوزەری پرۆسەی موسالەحەی نیوانیان بێت، واتە ئەگەر پەکەکە چەک دابنێ و ئاشتی بەکردەوە سەربگرێ، دەبێ پەناگایەک هەبێت بۆ دالدەدان و لەخۆگرتنی هەموو ئەو فەرماندەو بەرپرسە سەربازیانەی پەکەکە کە چارەنوسیان لەتورکیای دوای ئاشتیدا نادیارە. بەتایبەتی کە نە دەوڵەتی تورکیا ئەگەری گەڕانەوەی ئەم کەسانەی بۆ ناوخۆی تورکیا قەبوڵکردوە و نە خۆشیان ئەم ئەگەرە بەڕیگایەکی سەلامەت و پارێزراو دەزانن. تەنانەت ئەمریکاو دەولەتانی ئەوروپاش، لەگەڵ ئەوەدا کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەڵێن پشتیوانی لە پرۆسەکە دەکەن، بەلام هیچ باسێک لەچارەنوسی ئەم کەسانە ناکەن..

لێرەوەیە کە هەرێمی کوردستان کە پارتی تێدا باڵادەستەو هاوپەیمانی تورکیایە، گونجاوترین جێگایەکە کە ئەم کێشەیەی تیا چارەسەربکرێت.

تا ئەو جێگایەی کە بە رۆڵی پارتی و یەکیەتیش دەگەڕێتەوە، سەرەتا ئەوە بڵێم کە رۆڵی یەکیەتی وەک ئەوەی لە بازنەی سیاسەتەکانی ئێراندا راوەستاوە، بەهۆی پاشەکشەی پێگەی ئێران و هەڵکشانی دەوری تورکیا لە رووداوەکانی سوریادا، لاوەکی دەبێتەوە، بەلام بەپێچەوانەوە، رۆڵی پارتی و مەسعود بەرزانی، نەک هەر لە "پرۆسەی ئاشتی" نیوان تورکیاو پەکەکەدا دەچێتە سەرەوە، بەڵکو وەک رابەری مەسەلەی کورد لەئاست ناوچەکە و خۆهەڵخستنی بەوێنەی مەرجەعی بزوتنەوەی کوردایەتی دێتە سەر زاری هەموو بەرپرسانی پارتیەوە. بەدیویکی تریشدا پارتی لەم رۆڵەیدا نەک هەر لەموسالەحەی نیوان تورکیاو پەکاکەدا دەبێتە لایەنێکی سودمەند، بەڵکو لەسوریاشدا دەرگای رۆلێگێڕانێکی کاریگەری بۆ پەیدادەبێت. هەموو ئەمانەش بەدڵنیاییەوە پێگەی پارتی و دەسەلاتەکەی لەبەرامبەر خەڵکدا بەهێزتر دەکات.

**ئۆکتۆبەر:** لەئەگەری بەکردەوە دەرهاتنی ئاشتی نیوان پەکەکەو تورکیادا، لێکەوتەکانی بۆسەر خەڵکی کوردستان چیدەبێت؟

**خەسرەوسایە:** هەرچەندە هێشتا ئەوەی ناویاننناوە "پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا" لەچوارچێوەی یاریەکی سیاسی دەرنەچووە، بەلام ئەگەر سەربگرێ و پەکەکە چەک دابنێت، ئیتر هیچ بەهانەیەک بۆ مانەوەی بنکەو بارەگاو کردەوە سەربازیەکانی تورکیا لەکوردستانی عێراقدا نامێنێت. لەسەرێکی تریشەوە رێکەوتنی نیوان پەکەکەو تورکیا، رێگاش دەکاتەوە تا بەشێوەیەک لەشێوەکان ناکۆکیەکانی نیوان پەیەدەو هەسەدە، لەگەڵ تورکیادا بەلایەکدا بکەوێت. بەتایبەتی حکومەتەکەی ئۆردوگان هەربەتەنها بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیەکانی خۆی چاوی لەم رێکەوتنە نەبڕیوە، بەڵکو لەرووی ستراتیژی سیاسیەوە، دەیەوێت لەسەر حسابی لەناوبردنی دەسەلاتی خۆبەڕێوەبەرێتی باکورو رۆژهەلاتی سوریا و هەسەدە، هەژمونی خۆی بەسەر دۆخی سوریاو حکومەتەکەیدا داسەپێنێ. لەمانەش زیاتر ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەچەکدانانی پەکەکە تەواو ببێت، ئەوا بزوتنەوەی چەکداری حزبە ناسیونالیستەکانی تر، لەنمونەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران ووپژاک و.. ئەمانە دەخاتە ژێر پرسیارەوەو بەجۆرێک لەجۆرەکان، هەقانیەتی دەسبردن بۆ چەکیان لێدەستێنیتەوە. بەگشتی دەمەوێت بڵێم سەرگرتنی" پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا" رەوەندی خەباتی سیاسی و چینایەتی بەگشتی و پێگەی ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانی، دەباتە دۆخێکی تازەوە.

**ئۆکتۆبەر:** هەڵویست لەم پرۆسەیەی کە ناویان ناوە ئاشتی چیە؟ ئایا پێتانوایە پرسی کورد لە تورکیادا لەم ڕیگایەوە بەچارەسەری خۆی بگات و کۆتایی بەستەمێکی نەتەوەیی بهێنێت کە لەتورکیادا دژی کورد بەڕێوەدەبرێ؟ لەمەش زیاتر راتان چیە لەسەر ئەوەی کە ئۆچەلان دەڵێت کە سەرکەوتنی پرۆسەی "ئاشتی" لە تورکیا کێشەی کورد لەناوچەکە چارەسەر دەکات. ئایا ئێوە هاوڕان لەگەڵ ئەم بانگەشەیەی ئۆچەلاندا؟

**خەسرەو سایە:** تا ئەو جێگەیەی "ئاشتی لەتورکیا" بەچەکدانانی پەکەکە و راگرتنی کوشتار و خوێنڕێژی لەلایەن هەردوولاوە و سەرکوتی هاولاتیانی کوردزمان و کاولکاری ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا لەلایەن دەولەتی تورکیاوە بەبیانوی شەڕ لەگەڵ تیرۆردا کۆتایی پێبێت، و لەوەبەدوا کێشەکان رێگای سیاسی بگرنەبەر، هەنگاوێکی موسبەتەو سەرگرتنی لەقازانجی خەڵکی کوردستانی تورکیاو ناوچەکەشدایە. بەلام موسالەحەی نیوان پەکەکەو تورکیا یەکسان نیە بە چارەسەری کێشەی کوردو هەڵگرتنی ئەو ستەمەی بەسەر خەڵکی کوردستانی تورکیاوەیە. هەرچەندە هەم پەکەکە و خودی ئۆچ ئالان و دەولەتی تورکیا و هەم ئەحزابە ناسیونالیستەکانی کورد و رۆشنبیرانی دەوروبەریان وا باس دەکەن کە ئەم ریکەوتنە کێشەی کورد چارەسەر دەکات، لەکاتێکدا نمونەی رێگاچارەی ئەمریکایی و ئیمپریالیستی بۆ کێشەی کورد لەکوردستانی عێراق کە بەرگی فیدراڵیزمی قەومی بەبەردا کرا، نەک کێشەکەی چارەسەر نەکرد، بگرە خەڵکی کوردستانی روبەڕوی چەندین کارەسات کردەوە. ئەم نمونەیە کە زۆر زیاترو واوەترە لەو ریکەوتن و موسالەحەیەی کە بریارە لەنیوان پەکەکە و تورکیادا بەرێوەبچێت، بۆیە بەدڵنیاییەوە بەهیچ جۆرێک کێشەی کورد نە لە تورکیاو نە لە سوریاو نە لە ناوچەکە وەک ئەوەی ئۆچەلان بانگەوازی بۆ دەکات، چارەسەر نابێ و وەک برینێک بە جەستەی کۆمەلگاکانەوە دەمێنێتەوە و لە هەر گۆرانکاریەک کە لە بارودۆخ و هاوکێشە سیاسیەکاندا رووبدات، دوبارە سەرهەڵدەداتەوە. کێشەی کورد کاتێک دەتوانێ رێگایەکی سیاسی بۆ پەیدابێت کە سیستەمی سیاسی لەو ولاتانەی ئەم کێشەیەیان تێدایە، بگۆڕدرێ بۆ سیستەمێکی ئازاد و سکولاری نەقەومی و نەدینی وا کەفرسەتی گەرانەوە بۆ رای خەڵکی کوردزمان برەخسێنێ تا بڕیاری ئازادانە لەسەر داهاتوی خۆیان بەمانەوە وەیا جیابونەوە و پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆی خۆیان بدەن. ئەمەش ئەو بابەتەیە کە"پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا"دا، بەهیچ جۆرێک بەلایدا ناچێت.

٢٢/٢/٢٠٢٥

# ململانێی زلهێزەکان و کێشەی کورد!

عوسمانی حاجی مارف

ئەردوگان هەوڵدەدات هەژموونی خۆی لە سووریادا بسەپێنێت، بەمەبەستی بەدواداچون بۆ نەهێشتنی کێشە و قەیرانە ناوخۆییەکانی تورکیا، هەروەها دەیەوێت لەڕێگەی زاڵبون بەسەر ئیدارەی حکومەتەکەی ئەحمەد شەرعەوە دەور ببینێت، تا پێگەیەک لە سوریا بەدەست بهێنێت، بۆئەوەی کۆمپانیاکانی بەشداری بکەن لە ئاوەدانکردنەوەدا، لەهەمانکاتدا ئۆردوگان چاوی لە بەدەستهێنانی ناوچە نەوتیەکانی باکوری ڕۆژهەلاتی سووریایە، وە دەیەوێت بەشێکی سەرەکی هەبێت لەو پرۆژەیەی کە سوریا دەتوانی ببێتە دەروازەیەکی گرنگی گواستنەوە بۆ بەستنەوەی ناوچەی کەنداو ئێران بە ئەورووپاوە، بۆ ئەم مەبەستانەش هەوڵ ئەدات بەهەر شێوەیەک بێت بەربەستەکانی بەردەم پلانەکانی لابەرێت، کە یەکەکەو هەسەدە بەربەستێکی گەورەی پرۆژەکانی تورکیان.

دابەزینی دراماتیکی بەهای لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلار، هەروەها بەرزبونەوەی ڕێژەی هەڵاوسانی دارایی، بوونی ملیۆنان پەنابەری سوری و عێراقی و وولاتانی تر لە تورکیا، بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری، ناجێگیری دۆخی سیاسی ناوچەکە، کێشەکانی لە بەرامبەر یەکەکەو هەسەدەدا، تورکیای دەرگیر کردووە لەبەرامبەر قەیرانی ئابوری و دارایی و سیاسیدا.

لەڕاستای ئەم دۆخە پرگێژاو و ناڵەبارەدا، ئۆردوگان ململانێ و شەڕێکی بەربەریانە بەڕێوەدەبات لە بەرامبەر ناوچەکانی کۆبانی و عەین عیسا و تەل تەمردا، بەڵام ئەوەی شایانی باسە تائێستا لە لایەن خەڵک و هێزەکانی هەسەدەوە تونراوە بەرگریەکی توند بەرامبەر بە هێزەکانی تورکیاو بەکرێگیراوەکانی بکەن.

ئیدارەی سوریا بە سەرۆکایەتی ئەحمەد شەرع، بە نیشاندانی هەر هەوڵێک بۆ دانوسان لەگەڵ هەسەدەدا، ئاواتەخوازە ئەو پیلانانەی تورکیاو هاوپەیمانەکانی دژ بە هەسەه، هەسەدە ناچار بکات ملکەچی دەسەلاتەکەی ئەحمەد شەرع بێت ئەو حکومەتە بێت کە دەیەوێ لە سوریادا دایبمەزرێنێ. لەلایەکی دیکەوە دەیەوێت سنووره ئاویەکانی سوریا لەناو دەریای سپیدا دیاریبکات، کە ملیارەها مەتر سێجا نەوت و گاز لەخۆدەگرێت، لەهەمانکاتدا پەلە دەکات بۆئەوەی پێشئەوەی حکومەتێکی دەستوری لە سوریا پێکبهێنرێت، بالادەستی هەیئەی تەحریری شام جێگیربکات.

لەهەمانکاتدا تورکیا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەو قەیرانانەی کە ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەمارۆداوە. هەوڵدەدات هەژموونی خۆی لە سووریادا بسەپێنێت بەمەبەستی نەهێشتنی کێشە و قەیرانە ناوخۆییەکانی خۆی، هەولیش ئەدات بنکە سەربازیەکان لە سوریا دابمەزرێنێت و جێگیریان بکات.

ئۆردوگان چاوەڕێی ئەوە دەکات کاروباری ناوخۆی تورکیا هەر لەو چوارچێوەیەدا بەرێتە پێشەوەو ڕێکیبخات، بۆئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا سەربکەوێت و ببێتە سەرکردەیەکی نمونەیی تورکیا و بگاتە پلەی کەمال ئەتاتورک و دەسەڵاتی تاکرەوی ڕەهای خۆی بسەپێنێت!

هەنگاوێکی تری ئۆردوگان ئەوەیە کە لەگەڵ دەوڵەتی باخچەلی هەماهەنگیان کردووە، کە پێشنیاری دیداری عەبدوڵڵا ئۆجالانیان کردووە، بۆئەوەی هێزەکانی یەکەکە چەک دانێن. ئەمەش بە خواست و نەخشەیەک کە ئۆردوگان بەدواداچونی بۆ دەکات، کە دوو مەسەلەی بە خۆیەوە گرێ داوە، یەکەم: کۆتاییهێنان بە هەڵسورانی یەکەکە وەک هێزێکی چەکدار. دووەم: ئۆردوگان هەوڵ دەدات، لە ڕێگەی ئەم مامەڵەیەوە لە گەڵ ئۆجەلان و یەکەکەدا، جگە لە هێزی هەیئەی تەحریری شام، هیچ هێزێکی تری سەربازی کە ناکۆک بێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی تورکیا لە سوریا نەمێنێت، بەتایبەتی هێزەکانی هەسەدە . هەر بۆ ئەم مەبەستە لایەنگری لە پێشنیارەکەی ئەحمەد شەرع دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو گرووپەچەکدارەکان و تێکەڵکردنیان بە سوپای سوریا. بەڵام ئەم ئاواتەی کە ئۆردوگان بەدوایدا وێڵە، لەنێو ململانێ و دەخالەتی وولاتانی زلهێزی دنیا و ناوچەکەدا، لەهەمانکاتدا دەوری ئیسرائیل بە پشتیوانی ئەمریکا، ئەگەر مەحاڵ نەبێت، بەدەست هێنانی نارۆشن و ئاڵۆزە بۆ تورکیا.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، تورکیا هەوڵی زاڵبون بەسەر سووریادا ئەدات، بەڵام لەگەڵ ڕۆڵ و نەخشەکانی ئیسرائیلدا ناکۆک دەکەوێتەوە، بەتایبەتی ئیسرائیل ڕێگەنادات تورکیا بنکەکانی لە ناوەڕاستی سوریا دابمەزرێنێت، لەلایەکی تریشەوە تورکیا لەبەرامبەر فەرەنسا، ئەڵمانیا و یۆنان... دەستەوەستان ماوەتەوە، کە بانگەشەی هەڵوێستی هاوپەیمانیان بەرامبەر بە کورد و هەسەدە دەربڕیوە. بەمانایەک کە دەڵێن کوردەکان هاوبەش بون لە هاوپەیمانی دژ بە تیرۆر. بەڵام ڕاستی مەسەلەکەیان بۆ کورد نیە، لوتکەی ئەورووپا لە کۆرسیکا، ئامانجیان کۆتاییهێنانە بە پێشێلکاریەکانی تورکیا لە گەران بەدوای سەرچاوە نەوتی و گازیەکان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای

ناوەڕاست و دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە ئایندەی پێکهێنانی حکومەتی سوریا.

لوتکەی ئەوروپا کە لە دوورگەی کۆرسیکا لە فەرەنسا، بە سەرۆکایەتی ماکرۆن بەڕێوەچوو، بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگیە لە ڕۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاست و گەڕاندنەوەی تورکیایە بۆ سنووری ناوچەییەکان لە ئاوەکانی دەریای ناوەڕاستدا. چونکە سوریا بە دەرچەیەکی سەرەکی بۆ ڕۆژئاوای ئاسیا لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست دادەنرێت، پەیوەندیەکە لەنێوان ناوچەی کەنداوی عەرەبی و ئەوروپا لەڕێگەی وشکانی و دەریاوە بەیەکەوە دەبەستێت، هەروەها ئەتوانێ دەروازەیەکی گواستنەوەی وزە لە ناوچەی کەنداو و ئێرانەوە بۆ ئەوروپا بە هەرزانتر ڕێکبخات. بێجگە لەوە دەتوانێت ببێتە ناوەندێکی گواستنەوە، بۆیە سوریا خالّی ترانزێت و ڕێڕەوێکی سروشتی بۆ سەرچاوەکانی وزە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (ئێران و ناوچەی کەنداوی عەرەبی) بۆ ئەوروپا پێکدەهێنێت.

بەم هۆیەوە یۆنان و قوبرس لە بەرامبەر تەماحەکانی تورکیا لە ڕۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاست وەستاون. ماکرۆن بەڕوونی لەڕێگەی لێدوانێکی توندەوە پێویستی کۆتاییهێنان بە سەرپێچیەکانی تورکیا دەربڕیوە. تورکیاش ئەم لێدوانانەی بە بێئەدەبی وەسف کردووە. فەرەنساش ئامادەییە سەربازیەکانی بەرەو سەربردوە وەکو پێشبینیەک بۆ پەرەسەندنی ئالۆزیەکان لەگەڵ تورکیادا.

لەگەڵ ئەوەی دۆخەکە ئالۆزیەک و نارۆشنی و نادیاری ئایندەی ناوچەکەی پێوە دیارە، ناتوانرێ ئاراستەی یەکلاییبونەوەی ململانێی لایەنەکان ساغکرێتەوە، هەر لەم نێوەشدا کێشەی کورد جارێکی تر لەنێو جەنجالّی ئەم دۆخەدا بۆتەوە بە مەسەلەیەکی دیاری نێو ئەم ململانێیانە، کە هەر لایەنێک، لە پەیوەند بە گونجاندنی دەخالەتی لە ناوچەکەو بەرژەوەندیەکانیانەوە مامەڵەی پێدەکات، کە بەشێک لەڕۆژئاواو ئەمریکا و ئیسرائیل پارێزگاری لە کوردەکانیان کردوە بە باسێک.

هەروەک لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد، ئۆردوگان لەگەڵ ڕەوتی هەنگاوەکانی بۆ دەخالەتی لە ناوچەکەدا، خەریکە جۆرێکی تر یاری بە پرسی کورد لە تورکیاو سوریادا دەکات. لەلایەک لەڕێگەی هەولدان لەگەڵ ئۆجەلاندا خەریکە سێناریۆیەک سازدەکات بە مەبەستی چەکدانانی هێزەکانی پەکەکە، لەلایەکی تریشەوە هێرشێکی دڕندانە دەکاتە سەر هێزەکانی هەسەدە. بەمشێوەیە هەوڵ ئەدات کێشەی کورد بخاتە ناو چوارچێوەی سەرکەوتنی نەخشەو سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، کە سەبارەت بە خودی کێشەی کورد هیچ قسەیەکی جیدیان نیە، جگە لە هەوڵدان بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە بۆ بەڕێوەچونی پلانەکانیان، کاریکیان بە کوردو کێشەی کورد نیە.

لەلایەکی ترەوە تەواوی ئەو لایەنانەی تر کە هاوئاهەنگی بۆ کورد نیشان ئەدەن، ئەوەندە دۆستایەتی خۆیان دەنوێنن، کە دەڵێن کوردەکان ئازان و شەڕی دژی داعشیان کردووە و پێویستە پارێزگاریان لێبکرێت، بەلام کێشەی کورد بەگشتی لە ناوچەکەدا بەکوێ دەگات، جگە لە پێشنیاری پارێزگاریکردن باسێکی تر نەهاتۆتە سەرمێزی هیچ لایەنێک، دیاریش نیە ئەو پارێزگاریە چۆن دەکەن.

ئەوەی جارێکی تر حزب و لایەنە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان، لە کەین و بەینی ئەم سەوداو مامەڵەیەدا جگە لە فرۆشتنی خۆشخەیالّی و فریودانی خەلک، جگە لە هەولدان بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازێکی سیاسی زیاتر بۆ خۆیان، شتێکی دیکەیان لەبەرچاو نیە کە پەیوەندی بە مافی خەلکی کورد و چارسەری کێشەی کورد و ئایندەی سیاسی خەلکی کوردستانەوە بێت.

ئەوەش کە ئێستا زیاتر خەریکە یاری و مامەڵە بەم کەیسەوە دەکات و بەناوی "نوێنەری کورد"ەوە دەستپێشخەری دەکات، بارزانی و پارتیە، کە هیچ لاریەکیان نەک لە سیاسەت و دەخالەت و پیلانەکانی تورکیا نیە، بەڵکو لەڕیزی پێشەوەی هاوکاریکردنن بەو پیلانانەو دەیانەوێت ئەنەکەسە بکەنە ئەڵتەرنەتیفی هەسەدە و خۆشیان لەگەڵ حکومەتی ئایندەی سوریا ڕێکەوتن ئەنجام بدەن.

وەلام بە کێشەی کورد و مامەڵە بە کێشەی کورد دوو کەیسی زۆرجیاوازن. تەواوی مێژووی ئەزمونی هەڵسورانی سیاسی بزوتنەوەی ناسیۆنالستی کورد، مامەڵەکردن بووە بەم کەیسە و بەژیانی خەلکی کوردستانەوە، بە پاشکۆبون و تێکەڵبونیان لەنێو گەمەو ململانێی بەرژەوەندی وولاتانی سەرمایەداری زلهێزی دنیادا، حساباتی وردیان بۆ دەستکەوتەکانیان کردووە.

پێویستە خەلکی کوردستان فریو نەخۆن بەوەی کە پیانوابێت لەم دۆخەدا لایەک لە کێشەی کورد دەکرێتەوە. پێویستە ڕێگە نەدەن ئەم ئەزمونە چەندبارە بێتەوە. چاوەڕێی قەدەری ململانێکان نەبن کە پێیانوابێت سودێکی بۆ کورد دەبێت، بەڵکو لە هەموو کات زیاتر کاتی ئەوە هاتووە، بە یەکجاری دەسبەرداری ئەو خۆشخەیالّیە بن کە ئومێدو چاوەڕوانییان ببەستنەوە بە حزبەکانی کوردایەتیەوە.

بەجیا لەوەی لە هەر بەشێکی کوردستاندا کە کێشەی کورد بۆتە واقعیەتێک و مەسەلەیەکە پێویستە وەلام بدرێتەوە، دروستترین و کارسازترین ڕێگا گەڕانەوەیە بۆ ڕای خەلکی کوردستان کە لە ریفراندۆمێکدا بڕیار لەسەر جیابونەوە یان مانەوە لەگەڵ ئەو وولاتەدا بدەن. لەهەمانکاتدا دانیشتوانی هەرێم لەگەڵ خەباتیان بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی حزبە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان، پێویستە خۆیان بڕیار بدەن لەسەر دامەزراندنی دەسەلاتی خەلکی و دیاریکردنی ئایندەو چارەنوسی سیاسیان.

☆

# ٨ ی مارس هێمای ڕەتکردنەوەی ستەم و بێمافی و هەڵواردنی ڕەگەزی و چینایەتییە!

یەکێک لەکۆڵەکەکانی نیزامی سەرمایەداری، جیاکاری ڕەگەزی و جنسی و بەدیاریکراویش جیاکارییە لەنیوان ژن و پیاودا، لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابوری و سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و لەبواری ئابوری و بەرهەمهیناندا، هەموو ئەمانەش لەپێناو زامنکردنی زۆرترین قازانج و کەڵەکەی سەرمایەدایە. چینی بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەی، تەنانەت لەپێناو ئەم ئامانجەو ڕاگرتنی ستەم وجیاکاری بەسەر ژنانەوە، هەمیشە لەهەوڵی برەودان بەپیاوسالاری و دەمەزرەدکردنەوەی بیروباوەری دواکەتوانەو ڕەوایەتیدان بە پلەدوویی و ژێردەستەیی ژناندایە، تا دەگات بەزەوتکردنی مافە فەردی و مەدەنییەکان و تائەو جێگەیەی بۆی بچێتەسەر بەرگی یاساییان پێدەبەخشێت.

بۆژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی بەدرێژایی زیاتر لەسێ دەیە ژنانی کوردستانی بەگشتی و ژنانی کرێکار بەتایبەتی، ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی سەختی جیاکاری و ستەم وتوندوتیژی و بێمافی کردۆتەوە. لەڕێگای برەودان بە فەرهەنگی پیاوسالاری و دەمەزەردکردنەوەی بیروباوەری پرتوکاوی کۆن و خێڵەکی و تێکەڵکردنی ئیسلام و شەریعەتەکەی لەگەڵ یاساکاندا و شۆرکردنەوەی بۆ ناو ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، ماف و ئازادییەکانی ژنانی بە قێزەونترین شێوە لە قاڵبداوە. ژنانی کرێکار لە قەڵەمرەوی بەرهەمهێنان و ئابوریدا لە مووچە و لە هەڵبژاردنی کار و پیشەدا، لە سەعاتکار و بەهرەمەندبون لەڕاهێنان و فێربوندا و لەهەموو ئاستەکاندا جیاکارییان لەگەڵدا دەکرێت.

لەئاستی کۆمەڵایەتیدا ژنان بەجیا لە کاری دەرەوەیان وەکو کرێکار و کارمەند، ناچارن بێبەرامبەر و حسابکردن بۆ ماندوبونیان، ئەرکی ماڵداری و منال بەخیوکردنیان بەسەردا سەپێندراوە، بەبێ ئەوەی لەهیچ بیمەیەکی کۆمەڵایەتی بەهرەمەند بکرێن. لەبواری یاسایی و مافەکاندا ژنان لە مەسەلەی زەواج و جیابوونەوە، میرات و سەرپەرشتی خێزان، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و خاوەنداریێتی ماڵ و موڵک، تەنانەت جلوبەرگ پۆشیندا، یەخسیری هەمان بەرژەوەندیەکانی سودی سەرمایە و سەرمایەدارین.

جیا لەوانە، توندوتیژی لە دەیان شێوەدا بەدژی ژنان لە ڕاستییە تاڵەکانی کۆمەڵگەی کوردستانن. لە سوکایەتی و بەکەم سەیرکردنەوە، بۆ هەڕەشەو ئازاردان، بۆ گێچەڵی سێکسی لە شوێنی کار، تا دەگات بە هەراسانکردنی ژنان لەڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و لەوانەش زیاتر تیرۆر و ناچارکردنیان بۆخۆکوژی... گۆشە بەگۆشەی ئەم دۆخە سەختەن کە ڕووبەڕووی ژنان و کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستانن. لەگەڵ ئەوانەدا نەبوونی مووچە، گرانی و بێکاری لەو هەلومەرجە سەختە ئابوریەدا بۆتە هۆی ئەوەی باندەکان و دەلاڵانی بازرگانی سیکسی، بەرەو هەڵکشان بچن و خراپ کەڵگوەرگرتن لە دۆخی بەشێک لە ژنان بکەن و ناچار بە لەشفرۆشی و تێکەڵ بە باندەکانی بازرگانی سیکسی بکرێن. بەشی هەرەزۆری ئەو باندانەش دەستیان لەگەڵ دەسەڵاتی حزبەکاندایە. ئاماری قوربانیەکانیانی کوشتن و خۆسوتاندن ساڵانە ڕوو لەهەڵکشانە و گۆرستانی بێناونیشانی ژنانی کردۆتە پەلەیەکی ڕەش بەنێوچاوانی دەسەلاتەوە، لەکەنار ئەم ڕاستیانەوە تائێستا کوشتنی ژنان بەوێنەی کوشتنی بەئەنقەست مامەڵەی یاسایی لەگەڵ ناکرێت و تۆمەتبار و تاوانبارانیان، ئازادن و ئەگەر کەسانێکیش دەستگیر بکرێن، بەپاساوی" شەرەفپارێزی" ئازاد دەکرێن، یان لە بارەگای دەستسازی حزبەکاندا بەناوی سوڵحی عەشایەری، دۆسیەی ژنانی قوربانی، دیزە بەدەرخۆنە دەکەن.

بەم دوابیانە، دەسەڵاتی کۆنەپەرستی بۆرژوازی کورد لە ساتوسەودایەکی شەرمئاوەردا، لەگەڵ فراکسیۆنەکانی شیعە و سونەدا، ڕەزامەندی لەسەر هەمواری یاسای باری کەسێتی بەپێی شەریعەتی جەعفەری کرد تا لە دەرەوەی یاسا مامەڵە بە پرسی زەواجەوە بکەن و بەمەش پەنجەمۆری تەئیدیان دا لەبەشودانی کچانی منال و تەمەن نۆ سال.... کە توندوتیژیەکی ئاشکرایە لە دژی منالان و ڕەوایەتی بەخشینە بە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەریان. ئەم هەڵویستەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە بۆرژوای کورد و دەسەڵاتەکەی ئامادەیە لەپێناو مانەوەو ئامانجە نەتەوەپەرستیەکانی خۆیدا، نەک تەنها لەگەڵ هێز و لایەنی کۆنەپەرستەکانی دژە ژن لە عێراقدا بکەوێتە ساتوسەودا، بەڵکو ئامادەیە لەسەر داوای ڕەوتە ئیسلامیەکان، یاسای کۆنەپەرستانەی زیاتری دژە ژن، لەبەرامبەر بە مەدەنیەتی کۆمەڵگەدا بەدەستەوە بگرێت.

هەشتی مارس، ڕۆژ و ڕەمزی "نا"

وتنە بەم هەلومەرجە سەختەی ژنان.
ڕۆژی نارەزایەتیە بە جیاکاری و ستەم و توندوتیژی و بێمافی، ڕۆژی هاتنەمەیدانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازیە. ئەم ساڵ لەکاتێکدا یادی هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان دەکەینەوە، کە خەبات و نارەزایەتی جەماوەری ڕۆژانە بۆ خواستی باشکردنی ژیان و خزمەتگوزاریەکان یەخەی دەسەڵاتداران دەگرێ، کەتێیدا ژنان بەشداریەکی بەرچاویان هەیە. نارەزایەتیەکانی ئەمدوایانەی مامۆستایان و فەرمانبەران نیشانیدا، کە ژنان هێزێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوەی ململانێیە لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دا.

دەبا ٨ ی مارسی ئەمساڵ بکەینە ڕۆژی هاتنەمەیدان و ڕاوەستانەوەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی، بەدژی هەرجۆرە جیاکاری و ستەم و بێمافیەک کەڕووبەڕوی ژنان کراوەتەوە. با هەشتی مارسی ئەمساڵ بەتەوژمێکی فراوان و بەهێزەوە لەژێر ئالای ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاواندا، پێبنێتە مەیدانەوە و لەم نێوەشدا خواستی هەڵوەشاندنەوەی یاسای هەموارکراوی باری کەسێتی عێراق، وەک یەکێک لە نەبەردە کۆمەڵایەتیەکانمان لەراستای گەیشتن بەئازادی و یەکسانی، بەدەستەوەبگرین.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەهەموو توانایەوە لە پشتی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لەپێناو ماف و داخوازییەکان و یەکسانیان لەگەڵ پیاوان لە هەموو زەمینەو مەیدانەکاندا تیدەکۆشێت.

**بژی ٨ مارس، ڕەمزی وەستانەوە بەرووی ئاپارتایدی جنسیدا!!**

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان**
**٢١/٢/٢٠٢٥**

# لەسەردانێکدا وەفدێکی حیزبمان لەلایەن نوینەرایەتی پارتی یەکیەتی دیموکراتی لەسووریا (PYD) پێشوازی لێکرا

## ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان



بەمەبەستی یەکتر ناسین و ئاڵوگۆری بیرورا لەسەر دۆخی سوریاو ئایندەی ناوچەکانی ڕۆژئاوا، ئەمرۆ پێنجشەممە، بەرامبەر بە ٢٠ی شوباتی ٢٠٢٥، وەفدێکی حیزبمان کەپێکهاتبوو لە هاوریان عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و فواد سادق وشاباز مەحمود، ئەندمانی مەکتەبی سیاسی، سەردانی بارەگای نوێنەری پارتی یەکێتیی دیموکراتی (PYD)لەشاری سلێمانی کرد و لەلایەن شاندیکەوە کەپێکهاتبوو لەبەریزان دکتۆر جاوایدان کەمال و بێریڤان محەمەد و مەحمود ڕەشۆ، ئەندامانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی نوێنەرایەتی پێشوازییان لێکرا.

لەمیانی سەردانەکەدا جگەلە خۆناساندن، هەردولا لەبارەی دۆخی سوریاو ناوچەکە و دەخالەتی جەمسەرە جیهانیەکان لە خولقاندنی ناجێگیری سیاسی لە رۆژ هەلاتی ناوەراستدا و دوایین پێشهاتە سیاسییەکانەوە بیروڕایان گۆڕیەوە، لە هەمانکاتدا ئاماژە بەو هەرەشانەی کەروبەڕووی ناوچەکانی ڕۆژئاوا بۆتەوە درا، بەتایبەتیش ئاماژە بەپیلانگیری وهێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر ناوچەکانی ژێردەسەلاتی هێزەکانی سوریای دیموکرات وهەوڵی هێزە ناوچەیی وجیهانیەکان و دەسەلاتە نوێیەکەی دیمەشق، بۆ لەباربردنی ئەو دەستکەوتانەی بەدیهاتوون قسەوباسکرا.

هەروەها لەمیانەی گفتگۆکاندا وەفدی حیزبمان چەند سەرنج پێشنیاری لەبارەی چارەسەری کورد وگرێدانەوەی خەباتی خەڵکی کوردستانی سوریا بە خەباتی سەراسەری کرێکاران وزەحمەتکێشانەوە، لەپێناو هێنانە سەرکاری حکومەتیکی سکولاری نەقەومی و نەدینی، کەمافی هاولاتی یەکسان و ئازادیەکان بۆ هەموان دەستەبەربکات پێداگری کرد. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا هەردوولا جەختیان لە گرنگی بەردەوامبوون و پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆلییەکان کردەوە بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خەڵکی کوردستان و دۆزی دادپەروەرانە بکات.

٢٠/٢/٢٠٢٥

# ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٦ی شوبات/ فێبریوەری ٢٠٢٥، بە ئامادەبونی سەرجەم ئەندامان و بە بەشداری هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزب و بە میوانداریێتی، جێگری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، هاوڕێ فارس مەحمود، مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کۆبوونەوەی مانگانەی خۆی بەست. دەستوری باسەکانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە: دوایین پێشهاتەکانی بارودۆخی سیاسی کوردستان، مانگرتنی ١٥ ڕۆژەی مامۆستایان و فەرمانبەران و هەندێک لایەنی کاری ڕێکخراوەیی و ئۆرگانەکانی حیزب.

لە بارەی پێشهاتە نوێیەکانی دۆخی سیاسی کوردستانەوە، سەرەتا هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی لە قسەوباسێکدا لەسەر ڕەوتی گۆڕانکاریەکانی جیهان و ناوچەکە ڕاوەستا، بەتایبەتیش هاتنەسەرکاری ترەمپ و ئەو لێکەوتانەی کە لە ڕوداوەکانی سوریا و غەززەدا، ڕووی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کردووە و بەدوای خۆیدا کاریگەری لەسەر دۆخی سیاسی عیراق و کوردستان و پێگەی حیزب و جولانەوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان داناوە. لەم چوارچێوەیەشدا کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسی، دەرکەوتنی مەسەلەی کورد لە ئاستێکی ناوچەیی و هەوڵەکانی ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەم مەسەلەیە لە ڕاستای بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی زیاتر لەلایەک و هاتنەخوارەوەی ڕۆڵی لایەنە شیعەکان و دەسەڵاتەکەیان لەعێراقدا، وەک بەرئەنجامێک لە پاشەکشەی ئێران لەئاست ناوچەکەدا، لەلایەکی ترەوە، وەک دوو پێشهاتی سەرەکی لە دۆخی سیاسی کوردستاندا دەستنیشان کرد، کە بەهۆیەوە هاوکێشەی هێزی بە قازانجی پارتی لاسەنگ کردووە، حکومەتی عێراق و لایەنە شیعەکانی وادارکردووە بە ملدان بەڕێکەوتن لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوت و چارەسەری کاتی و نیوە ناچڵی کێشەی موچە.

هەروەها کۆبونەوەکەی مەکتەبی سیاسی ڕۆڵی خەبات و نارەزایەتیەکانی ئەم دواییانەی مامۆستایان و فەرمانبەران و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ناڕازی، وەک فاکتۆرێکی کاریگەر بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵک و گۆڕانکاری بەرز نرخاند، بەتایبەتیش مانگرتنی ١٥ ڕۆژەی ژمارەیەک لە مامۆستا و فەرمانبەر، کە هاوپشتی و هاوسۆزییەکی فراوانی لە ئاستی کۆمەڵگادا بەدوای خۆیدا هێنا و پشتیوانی جەماوەری ناڕازی لە شێوەی داخستنی دوکان و بازاڕەکان وەک ئەزمونێکی نوێی جەماوەریی، مۆرێکی گەورەی ڕیسوایی بەنێوچاوانی حیزبە بۆرژوازیەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە نا و وەک سەرەتایەک لە ڕەواندنەوەی فەزای چاوەڕوانی و خۆشباوەڕی کە بەدوای سیناریۆی هەڵبژاردنی خولی تازەی پەرلەماندا هاتەکایەوە، جێگای گرت. لەم ڕووەوە کۆبونەوەکەی مەکتەبی سیاسی ڕاگەیاندنی سوپاس و تەقدیری بێپایانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانی بەهەموو ئەو مامۆستا و فەرمانبەر و هەڵسوڕاوانەی کە لەم جوڵانەوەیەدا ڕۆڵیان گێڕا، بەپێویست زانی و جارێکی تریش پێداگری لەسەر هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام و بێدرێغی حیزب کردەوە، تا گەیشتن بەخواست و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان و بەدیهێنانی ئایندەیەکی شایستە.

بەشێکی تری کۆبونەوەکەی مەکتەبی سیاسی کە تەرخان بوو بۆ پێداچونەوە بە کاری ڕێکخستن و ئۆرگانەکانی حیزب، چەند بڕیار و ڕینماییەکی لە ڕاستای فراوانکردنەوەی ڕۆڵی دەخالەتگەرانە و هەڵسوڕان لەئاست بزووتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا، پەسەند کرد. لەکۆتایشدا، هاوڕێیان خەسرەو سایە و فواد سادقی وەک سەرۆکی مەکتەبی سیاسی و جێگرەکەی پەسەند کرد و هاوڕێیانی دەستەی کارگێری لە جێگەی خۆیدا هێشتەوە.

١٧/٢/٢٠٢٥

**لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری ناڕازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پیبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەلاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنی کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنی.**

# مانگرتن و سەرکەوتنی ئینساندۆستی!

عوسمانی حاجی مارف

ڕۆژی ١١ی شوباتی ٢٠٢٥، دوای پانزە ڕۆژ مانگرتن لە خواردن، مامۆستایان و فەرمانبەرانی مانگرتوو، مانگرتنیان هەڵپەسارد. ئەم هەنگاوە لەچوارچێوەی زنجیرەیەک نارەزایەتی بەردەوامی جەماوەری نارازی کوردستاندا دێت کە دوای هەڵبژاردن و قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەت، مامۆستایان و فەرمانبەرانی ڕووبەڕووی قەیرانی دواکەوتنی موچە و پاشەکەوتی موچە و وەستانی پلەبەرزکردنەوە کردۆتەوە، کە بۆتە مایەی نارەزایەتی هاوڵاتیان و تورەبونیان. بەرزبونەوەی تورەیی و نارەزایەتی گەیشتووە بەو ئاستەی کەسانێک تەندروستی و ژیانی خۆیان بخەنە مەترسیەوە.

مانگرتن لە خواردنیان هەڵپەسارد، بەڵام هەوڵدان بۆ بەردەوامی بە نارەزایەتی و گەشەدان و فراوانبونەوەی ڕێکخستن و بەهێزکردنی نارەزایەتیەکان، لە بیرکردنەوەی جەماوەری نارازی و ئازادیخوازاندایە تا ئەو کاتەی داواکاریەکان جێبەجێ دەکرێن، هەروەها هەوڵدان بۆ دەسکەوتی زیاتر و سەرکەوتن بۆ ئاڵوگۆڕی ریشەیی لە کۆمەڵگەدا ئومێدێکی گەورەیە.

هەڵپەساردنی مانگرتن و داخستنی خێمەکە، بە کاریگەری بانگەوازو داوای جەماوەری شاری سلێمانی و هەڵەبجەوە ئەنجامدرا، کە بۆ سەعاتێک دوکان و بازاڕیان داخست، بە مەبەستی پشتیوانی لە خواستەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران، هەروەها بۆ داوای کۆتایهێنان بە مانگرتن لە خواردن، بەتایبەتی دوای تێکچوونی باری تەندروستی مانگرتوان و دروستبوونی مەترسی لەسەر ژیانیان. مانگرتوان پێشوازیان لە داوای دڵسۆزانەی جەماوەری تورەو نارازی لە دەسەڵات کردو مانگرتنەکەیان هەڵپەسارد.

پانزە ڕۆژی مانگرتنەکەو ڕۆژانی دواتریش، میدیاکان بەشێوەی جۆراوجۆر وێنەو هەواڵی مانگرتووەکان و خێمەکەو کارمەندانی تەندروستی و ئامادەبوانی پشتیوانی لە مانگرتوان ڕۆماڵ دەکرد، وێنایەکی سەربەرزی و ئیرادەو شکۆی جەماوەری نارازی بەرامبەر بەدەسەڵاتی میلیشیای تالانچی گەندەڵ و مشەخۆری نابەرپرس نیشاندرا. ئەم ڕوماڵە کە دەنگدانەوەیەکی سەرنجراکێشی بە خەڵکی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەخشی، دۆخێکی جیاوازی پڕ شانازی خستە سەر شانۆی نارەزایەتی جەماوەری و ئامادەیی وەستانەوە بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی زۆنی زەردو و زۆنی سەوز.

لەلایەکی ترەوە ململانێی حزبە دەسەڵاتدارەکان و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمان، لەبەرامبەر یەکترو لەبەرامبەر جەماوەری نارازیدا، لەسەر ئەوەبوو کە تا چ رادەیەک هەر لایەنێکیان دەتوانن بەناوی پشتیوانیکردن یان دژایەتیکردنی مانگرتنەکەوە، کاریگەری لەسەر مانگرتوان و مانگرتنەکە جێبهێڵن و وەک ئەکتەرێکی سەرکەوتو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن! بەڵام ئاستی ئەم نارەزایەتیەو ئیرادەی مانگرتوەکان و هێزی پشتیوانی، بەربەستێکی گەورە بون کە ئەکتەرەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەکەیان لە پەرلەمان بتوانن یاری بەم حەرەکەتە بکەن.

مەسەلەیەک کە لە ڕۆماڵی میدیاکاندا نەتوانرا بە فراوانی و بە باشی ڕۆماڵ بکرێت، ئەو ململانێیە بوو کە لە نێوان ئەوانەی پشتیوانیان لە مانگرتن دەکرد، هەبوو، وەک دوو ئاراستەی جیاواز لە پشتی پەردەی ئەو شانۆیە دەوریان دەبینی:

یەکەمیان ئەو بۆچوونەی لایەنە ئیسلامیەکان و ناسیۆنالیستەکان بوو کە بۆچوونێکی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانی بوو وە هانی مانگرتوانی دەدا بەردەوام بن لە مانگرتن لە خواردن! بەنیازی ئەوەی بەڵکو کەسانێک گیانیان لەدەست بدەن و بیانکەنە قوربانی شڵەقاندنی دۆخەکە، بەو ئاراستەیەی کە دۆخەکە بە ئاقارێکی تردا بڕوات و نیازەکانی خۆیانی تیا بهێننەدی، کە لەم بارەیەوە حزبە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو پەرلەمانەکەیان هاوبەش بوون. ئەمانە نابەرپرسانەو بێباک مامەڵەی مانگرتوانیان دەکرد، کە هەر لایەنێکیان بۆ مەبەستێکی سیاسی تایبەت بەدەوری ئەم ئاراستەیەدا دەسورانەوە.

دووەمیان ئەو بۆچون و ئاراستەیە بوو کە تەندروستی و پاراستنی ژیانی مانگرتوان بنەمای پشتیوانی و دەخالەتیان بوو، کە لەڕۆژی یەکەمەوە تەواوی هەوڵەکانیان هەنگاونان بوو بەگۆڕینی دەستبەجێی ئاراستەی مانگرتن لە خواردن، بۆ شێوازێکی شارستانی و گونجاوترو کارسازتر، کە لەراستای هەوڵەکانیاندا دەورێکی پێشڕەوانەو ئەرێنیان بینی لە ڕێکخستنی نارەزایەتی جەماوەری، بەداخستنی دوکانەکان و کۆکردنەوەی جەماوەرێکی چەند هەزاری بەدەوری خێمەکاندا، کە داوا لە مانگرتوان بکەن، مانگرتن لەخواردن ڕاگرن. ئەم کاریان ئەنجامداو سەرکەوتنێکی مەزنیان بۆ مانگرتوان لە خواردن تۆمارکرد، ئەم ئاراستەیە ڕۆڵ و ململانێی ئازادیخوازان و ئینساندۆستان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمۆنستەکان بوو.

مەیدانی نارەزایەتی و مانگرتن و کۆبونەوەی جەماوەری لە تەواوی ئەو پانزە ڕۆژەدا، بەهەر پێشرەوی و کەموکوریەکەوە، جگە لە بەرزراگرتنی ئیرادە و پێداگری بۆ داخوازیەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران، ململانێی ئەو دوو ئاراستەیەو سەرکەوتنی ئازادیخوازی و ئینساندۆستی و رادیکاڵیزم و بەشداری ئاستێکی بەرچاو لە رابەرانی ژنانی ئازادیخواز، سیمایەکی گەشی ئاسۆی نارەزایەتی ئایندەمان پێدەناسێنێت، کە لە هەنگاونانی بەردەوامی نارەزایەتیەکاندا ئەتوانین وەک ئەزمونێک هەوڵی زیاتر بدەین کە بەر بە هەر دەخالەتێکی نائیسانی و کۆنەپەرستی بگرین، کە دەیانەوێت یاری بەچارەنوسی نارەزایەتیەکان و ژیانی خەڵک بکەن و بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاری بهێنن.

★

# رێکەوتنی ئەمریکا و روسیا ئۆکرانیاو چەند راستیەک لە قەیرانی سەرمایەداری!

## نوری بەشیر

ئەو سیاسەت و بەرنامانەی ئەمریکاو سەرۆکە نوێکەی دۆناڵد ترەمپ، بانگەشەی بۆدەکات، لەوانە دروشمی "دوبارە ئەمریکا گەورە دەکەینەوە" یاخود "ئەمریکا لەپێش هەمووشتێکەوە"، هێرشکردنە سەر مافەکانی ژنان و نایاسایکردنی لەباربردن، هێرش بۆسەر هاورەگەزخوازەکان و... راگەیاندنی جەنگێکی راسیستی دژی پەنابارانو کۆچکردون و تا دەگات بە هەرەشەی سەپاندنی باج و گومرک بەسەر ئەو وولاتانەی کە مل بە سیاسەتی ئابوری ئەمریکاو کابینە ملیاردێرەکەی نادەن، یاخود هەرەشەی کردنی کەنەدا بە ویلایەتی (٥١) هەمینی ئەمریکاو فشارخستنە سەر دانمارک بۆ فرۆشتنی گرینلاند بە ئەمریکا و داگیرکردنی ئۆکەندی پەنەما و... پێشنیاری کۆچی زۆرەملێی خەڵکی غەززە لەژێرناوی بنیاتنانەوەی غەززەدا و تاد... هەموو ئەمانە رەنگدانەوەی دۆخی قەیرانگرتووی سەرمایەداری ئەمریکا و شکستی دنیای تاکجەمسەری بە سەرۆکایەتی ئەمریکاو سەرهەڵدانی دنیای چەند جەمسەریە کە جێگاورێگایەکی نزمتر لەجاران بۆ ئەمریکا دادەنێت.

ئەم رووڵەخواربونەی پێگەی ئەمریکا لەوەدا خۆی بەرجەستە دەکات کە ترامپ وەکو نوێنەری سیاسی بۆرژوازی ئیمپریالیستی ئەمریکا، دوای ئەوەی کە بۆماوەی (٣) ساڵ، ئەمریکاو وولاتانی ناتۆ، سەدان ملیار دۆلاریان خەرجی جەنگی ئۆکرانیا کرد دژی روسیا و بەهەموو شێوەیەکی سەربازی و لۆجستیکی و هەواڵگری و تەنانەت ناردنی پێشکەوتوترین جۆری چەکی ستراتیژی ئەمریک و ئەوروپی و شارەزای سەربازی هاوکاری سوپای ئۆکرانیایان کرد، کەچی ترامپ، لەپشتی هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ و هەروەها بە بێ حسابکردن بۆ ئۆکرانیان و زیلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا، راستەوخۆ دەستی بە وتوویژ کردوە بۆ کۆتاییهێنانی جەنگی روسیا و ئۆکرانیا.

بێگومان زۆرێک لەمیدیا گوێ لەمستەکانی بۆرژوازی و سەرمایەداری، ترەمپ وا نیشان دەدەن کە خەڵکی ئۆکرانیا لە کوشتار و کاولکاری رزگار دەکات و کۆتایی بە جەنگ دەهێنێ و کەسایەتیەکی ئاشتیخوازەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە شایستەی خەلاتی نۆبل بێت بۆ ئاشتی!

هەروەکو وەکو ئەو سەرۆکەی دەناسێن کە دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و کەمدەرامەتی ئەمریکا باشتر دەکات بەوەی کە ئابوری ئەمریکا باشتر دەکات و رێگا لە کۆچی نایاسایی دەگرێت!

بەلام راستی رووداوەکان ئەوەیە کە ئەم هەنگاوانەی ترامپ و دەستەی فەرمانرەوای بۆرژوازی ئەمریکا بۆ دەربازکردنی ئەمریکا و سەرمایەی ئەمریکیە لەو قەیرانە ئابوریەی تێیکەوتوەو دۆخی ژیانی خەڵکی بەرەو خوارەوە پاڵ پێوەناوە و سەرمایەی ئەمریکی لە کێبرکێی سەرمایەی جیهانیدا لاوازو کەم کاریگەر کردوە. ئەمریکا بەناچاری دەبێت ئەوە قبول بکات کە لەگەڵ روسیا رێک بکەوێ، چونکە لەلایەکەوە دنیای فرەجەمسەری ئاراستەیەکی نەگەراوەیە و روسیا یەکێکە لەو جەمسەرانەی دنیای سەرمایەداری و دەبێ ئەمریکا ئەوە قبوڵ بکات، هەروەها ئەو ملیار دۆلارەی کە لەشەری بێسودی ئۆکرانیادا ئەمریکا خەرجی کرد، تەواوی بکات و دەستی بە ملیارەها دۆلار کانزای گرنگ بگات لە ئۆکرانیا و لە ململانێی ئابوری لەگەڵ چیندا پێگەیەکی باشتر پەیدا بکات و روسیا لە چین دوربخاتەوە....

ئۆکرانیا مەیدانێکی ئاشکراو بێپەردەیە کە ترەمپ و داروودەستەکەی سازشی لەسەر دەکەن لەگەڵ روسیا، زۆر راشکاوانەوە بەبێ گەرانەوە بۆ حکومەتی ئۆکرانیا و تەنانەت هێرشی توند بۆ سەر زیلینسکی و بە دیکتاتۆر و فاشیل ناوزەدکردنی، وە تەنانەت بەبێ گەرانەوە بۆ وولاتەکانی ناو هاوپەیمانی ناتۆ لەگەڵ روسیادا خەریکی رێکەوتنە و بریارە لە داهاتوی نزیکدا ترامپ و پۆتین کۆبونەوەی لوتکە ئەنجام بدەن لە سعودیە.

ئەمریکاو ناتۆ کە بەبێ حسابکردن بۆ خەڵکی ئۆکرانیا، لەسەر قوربانی دەیان هەزار هاولاتی و سەربازی ئۆکرانی و کاولکردنی هەموو ژێرخانی ئابوری و خزمەتگوزاری ئۆکرانیا، بەناوی وەستانەوە بەرامبەر بە شەرخوازی و هێرشی دڕندانەی پوتین بۆسەر خەڵکی ئۆکرانیا، ئۆکرانیایان پەلکێشی جەنگێکی خوێناوی کردو زیلیسنکی سەرۆکی ئۆکرانیاش وەکو بوکەشوشەی ناتۆ دەوری بینی و هەر رۆژەی لەپەرلەمانی ولاتێکی ئەوروپادا و لە کۆنگرێسی ئەمریکادا لەلایە سەرەوە دایان دەناو چەپڵەیان بۆ لێدەدا، بەلام ئێستا لەدەرەوەی یاریەکە جێگایان بۆ داناوە و هیچ حسابێکی بۆناکەن!

واتە رێکەوتنی ترەمپ لەگەڵ پۆتین لەچوارچێوەی رێکەوتنێکە کە پرۆژەی زۆرتری بەدوادا دێت. رێکەوتنێک هەتا ترەمپ ئەو بریارانەی لەسەر ئۆکرانیا داویەتی، ئەگەر سەبارەت بە خاکی ئەمریکا بیدایە، خەڵکی ئەمریکاو حزبەکانی موخالفی بەدژی دەوەستانەوە و لێیان قبول نەدەکرد. ئایا خەڵکی

ئەمریكا ئەوەیان قبوڵ دەكرد كە بەشێك لە ناوچەكانی وولاتەكەی بدرێ بە وولاتێكی دیكە!؟ وەكو ئەوەی ئەمریكا لە ڕوسیای قبوڵ كرد كە نزیكەی ٢٠٪ ی خاكی ئۆكرانیا لەلایەن روسیاوە داگیركراوە و دەیەوێ گرێیبداتەوە بەخۆیەوە. ترامپ و ئەمریكا لەم ڕێكەوتنەدا وەكو ڕێكەوتنی دوو چەتەو ڕێگر هەڵسوكەوتی كردوە، بەوەی ڕەزامەندی لەسەر ٢٠٪ خاكی ئۆكرانیا بدرێ بە ڕوسیا و ئەمریكاش ٥٠٪ ی هەموو سەرچاوە كانزاییەكانی ئۆكرانیا بۆخۆی ببات! چونی ئۆكرانیا بۆ ناو ناتۆش بە مەحاڵ دەسپێردرێت و مەرجەكەی پوتین بۆ دەستلەكاركێشانەوەی زیلنسكی و هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی ئەنجام دەدرێت. هەموو ئەم ڕێكەوتنانە لەسەر حسابی سێ ساڵ لەكوشتاری خەڵكی مەدەنی و سەربازی و كاولكاری بەشێكی زۆری وڵاتەكەو ئاوارەیی زۆری خەڵك بۆ لەناوچەكانی ترو بۆ دەرەوەی ئۆكرانیا بەڕێوەچوو.

ئەم دۆخە ئابوریە قەیرانگرتووەی دنیای سەرمایەداری ئەمڕۆ و ئەمریكا وەك یەكێك لەزلهێزەكانی دنیا، ترەمپ و هاوشێوەكانی لە ناتانیاهۆ و ئۆردوگان و بوتین و هاوشێوەكانی لە حزبە راستڕەوەكانی ئەوروپاو بەتایبەت لە بەریتانیا و ئەڵمانیا دێنێتە پێشەوە. واتە سەرمایەداری ، لەكاتێكدا چینی كرێكاری وشیارو ڕێكخراو و كۆمۆنیزمێكی شۆڕشگێڕ لەمەیدانی جەنگی چینایەتیدا لاوازو كەم كاریگەرە، ئەوجۆرە فاشیزمەی ئەمڕۆی بەرهەم هێناوە. سەرمایەداری و حكومەتەكانیان و سەرۆكەكانیان لەوێنەی ترەمپەكان ئایندەیەكی تاریكتر لەبەردەم كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دادەنێن! بەرگرتن بەم بەربەریەت و فاشیزمەی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و جەمسەر و بلۆكەكانی، تەنها بەبەهێزبوونی بزوتنەوەی كرێكاری و كۆمۆنیزمی چینی كرێكارە كە دەتوانێ ئایندەیەكی دیكەی بەدەر لەو ئایندە تاریكەی سەرمایەداری، بۆ مرۆڤایەتی بەدیاری بهێنێت!

★

# نامە بۆ/ بەڕێز پێدرۆ سانچێزی سەرۆكی ئینتەرناشناڵ سۆسیالیست

# بەڕێز خاتوو بینیدیكتا لاسی سكرتاریەتی گشتی سۆسیالیستی ئینتەرناشناڵ

## بابەت :توندوتیژی یەكێتی نیشتمانی بەرامبەر خۆپیشاندەران و رۆژنامەنوسان

**بەڕێز / سەرۆك و سكرتاریەتی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ**

**دوای سلاو..**

لەدرێژەی نارەزایەتیەكانی چەند هەفتەی رابردوودا، دژی نەدانی مووچەكانیان و خراپی باری گوزەرانیان، دوای پێنج مانگی بەردەوام خۆپیشاندان و ڕێپێوان و مانگرتن، بەلام دەسەلاتدارانی كوردستان وەلامیان نەدانەوە، رۆژی ٢٣ی شوبات، ژمارەیەك مامۆستاو فەرمانبەری هەرێمی كوردستان، بۆ ڕێگرتن لەو تەنكەرانەی نەوت بە قاچاغ دەگوازنەوە بۆ ئێران كە لەلایەن كۆمپانیاكانی سەر بە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان و بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردستاندا ئەنجامی دەدەن، كەسەر ڕێگای تەنكەرەكان خێمەیان هەڵدا وەكو دەربڕینی نارەزایەتی و ناچاركردنی یەكێتی و پارتی كە پێكهێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستانن، بە وەلامدنەوە بە خواستەكانیان كە بریتیە لە دانی مووچ دواكەوتوەكانیان و پلە بەرزكردنەوەو مووچە دزراوەكانی چەند ساڵی رابردوویان، كە بە ملیارەها دۆلار دەخەملێنرێت. بەلام لەجیاتی وەلامدانەوە بە داواكاریەكانیان دوێنی شەو ٢٤ لەسەر ٢٥/٢/٢٠٢٥، هێزەكانی كۆماندۆی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بەشێوەیەكی دڕندانە هێرشیان كردە سەر خێمەكەیان و چەند مامۆستا و فەرمانبەریان بریندارو چەند كەسیشیان دەستگیركردن. هەروەها پەلاماری چەندین رۆژنامەنوس و



میدكاریان داو ئازاریاندان و بەشێك لە كەلوپەلەكانیان شكاندن و دەستیان بەسەردا گرت.
ئەم توندوتیژی و پەلاماردانەی هێزەكانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان دەستی پێكردوە دژی خۆپیشاندەران لە شارۆچكەی عەربەت رویداوە كە لەژێر دەسەلاتی یەكێتیدایە، لەكاتێكدا یەكێتی ئەندامی سۆشیال ئینتەرناشناڵە و بۆماوەی چەندین ساڵ جەلال تالەبانی، سكرتێری پێشووی یەكێتی، یەكێك بووە لە جێگرەكانی سەرۆكی سۆشیال ئینتەرناشناڵ. ئێستەش یەكێتی ئەندامە لەرێكخراوەكەتاندا.

ئەم كردەوەیە دژی مافی خۆپیشاندان و نارەزایەتی و رادەربرین و ئازادی رۆژنامەگەری و ڕێگەگرتنە لە گواستنەوەی هەواڵ و راستیەكان بۆ خەلك و پێچەوانەی جارنامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤە، كە رۆژانە ئەم حزبە پێشێلی ئەو مافانە دەكەن كە راگەیەندراوە.

بۆزانیاری ئێوە ئەوەی ئەم دۆخە ناهەموارەی پێكهێناوە، هەردوو حكومەتی هەرێم و بەغدادن. حكومەتی هەرێم كە یەكێتی و پارتی دوو حیزبی سەرەكی پێكهێنەرین، لەگەڵ حكومەتی بەغدا،

مەسەلەی موچەو بژیوی خەڵکی کوردستانیان کردۆتە کارتێکی سیاسی بۆ داسەپاندنی مەرج و ئیمتیازی سیاسی و ئابووری بەسەر یەکتردا. بەهیچ جۆرێک هیچ لایەکیان خۆیان بە بەرپرس نازانن بەرامبەر بە دانی موچەو دابینکردنی ژیان بژیوی هاولاتیانی کوردستان. لەکاتێکدا رۆژانە سامانی ژیر زەوی و سەرزەوی کوردستان لەلایەن حکومەتی پارتی و یەکێتیەوە بەتالان دەبرێت و هاوکات چەندین باج وسەرانەشیان بەسەر خەڵکدا سەپاندوە. سەرەتاترین مافی هەر فەرمانبەرو مامۆستایەک ئەوەیە کە هەموو مانگێک مووچەکانیان لەکاتی خۆیدا وەربگرن و سالانە مووچەکانیان زیاد بکات و پلەی وەزیفیان بەرزبکرێتەوە پێبەپێی ساڵەکانی خزمەتیان، بەڵام نەک موچەکانیان زیاد ناکرێت و پلەکانیان بەرزناکرێتەوە، بەڵکو مووچەی مانگانەشیان پێنادرێ و دەستی بەسەردا دەگیرێت لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە. کاتیکیش بۆ داواکردنی ئەو خواستە رەوایانەی خۆیان نارەزایەتی دەردەبڕن ، ڕوبەرووی چەکدارەکانی پارتی و یەکێتی دەبنەوە و سەرکوت دەکرێن، وەکو روداوەکەی شەوی ٢٤لەسەر ٢٥ی شوبات.

هەربۆیە داواتان لێدەکەین بەفشارهێنان بۆسەر سەرکردایەتی یەکیەتی و لێپرسینەوە لەکارە سەرکوتگەرەکانی لەپاڵ خەڵکی کوردستاندا ڕابوەستن و ناچاری بکەن کە دەست لەم جۆرە پێشێلکاریانە هەڵگرێ و سەرجەم دەستگیرکراوەکان ئازاد بکات و کەلوپەلی رۆژنامەنوسان بگەرێنێتەوە. هاوکات ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن بەفەرمی بناسێت و گوێ بۆداواکانی خەڵک و مامۆستا و فەرمانبەران بگرێ و وەلامیان پێبداتەوە.

**دەشتی جەمال**
**بەرپرسی کۆمیتەی رابەریی**
**ڕێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٥/٢/٢٠٢٥**

# ڕەفتارە ناشیرینەکانی دێگەڵەو عەربەت، دوو ناوچەی جیاواز لەیەک ڕەفتاری هاوشێوەدا!

لەماوەی دوو ڕۆژی نارەزایەتی فەرمانبەران و مامۆستایانی نارازیدا کەتێیدا دەستیان برد بۆ ڕێگاگرتن لە بەتالانبردنی داهاتی کوردستان، ڕێگرییان کرد لە ئاودیوکردنی نەوتی قاچاخی کۆمپانیاکانی حزب، بەڵام شەوی ڕابردوو لەپلانێکی نەخشە بۆ دارێژراودا، هێزەکانی دەسەڵات بەگژ خێمەی مامۆستایان و فەرمانبەراندا چوونەوەو بەشێوەیەکی شەرەنگێزانە خێمەکەیان پێچایەوە..

ئەم ڕەفتارە قێزەوونە تەنها مامۆستایان و فەرمانبەرانی نارازی نەگرتەوە، بەڵکو ڕۆژنامەنوسان و ڕاگەیاندنکارانیش کەوتنە بەر شالاوی ئەم پەلامارە نامرۆییەو بەشێکیان دەستگیر کران و بەشێکی تریشیان کەلوپەلەکانیان لێسەندرا.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەستکەوتوون، بەشێک لەوانەی دەستگیر کرابوون، ئەمشەو کاژێر ٤ ی بەیانی ئازادکران.

دەسەڵاتدارانی ئەم زۆنە بەم ڕەفتارە سەلماندیان کە لەگەڵ زۆنی بەرامبەردا دوو دیوی یەک دراون و بە ملليمەتر جیاوازییان نیە بەرامبەر ژیان و موقەدراتی خەڵکی وەتەنگهاتووی کوردستان.

ئەوەی کە ماوەتەوە تەنها هێزی گەورەو کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستانە کە چۆن بتوانن ڕیزەکانی خۆیان توندوتۆکمە بکەن و یەکگرتووانە بێنەمەیدانەوە لەپێناوی فەرزکردنی خواست و مافەکانیان و لەپێناوی میکانیزمێکی گونجاوترو پێشڕەوانەتر لەڕاستای لەسەرکارلابردنی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابەکان...

ئێمە لەکۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سەرەڕای ئیدانەو مەحکومکردنی ئەم کردەوە نامرۆییە، هاوکات لەپاڵ خواست و مافەکانی مامۆستاو کارمەندو خەڵکی نارازی کوردستاندا قایم ڕادەوەستین..

دەبێت خەڵکی کوردستان بەهەر چین و توێژێکیەوە، بێنە مەیدانی نەبەردێکی کۆمەڵایەتی گەورەوە لەپێناوی لەڕیشەوە گۆڕینی دەسەڵات و لەپێناوی ژیان و ئایندەیەکی باشتر بۆخۆیان و نەوەی داهاتوویان..

**کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٥/٢/٢٠٢٥**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk
بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashty jamal@gmail.com
بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com